سەماحەتی حەکیم داوا دەکات دەستەلاتی دەستووری و یاسای بۆ حکومەتە نوێیەکان ببەخشرێت

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە ئەندامانی فراکسیۆنی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی، بەڕێزیان گوێبیستی قسە و بۆچوونەکانیان بوو، هەروەها ستایشی ئەو هەوڵانەی کرد کە حکومەتە نوێیەکان لە سەردانی چلەکە ئەنجامیان دا بۆ ئەوەی ئەو بانگە گرنگە بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بکەن.

سەماحەتی داوەتی دووپاتی کردەوە کە حکومەتە نوێیەکان دەستەلاتیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی پێژەکانیان جێبەجێ بکەن و کار بۆ بەرنامەی نا مەرکەزییەت بکەن بەو پێیەی کە شتێکی چەسپاوە لەدەستووردا، هەروەها داوای لە پارێزگاکان کرد هەماهەنگی بکەن و لەگەڵ دام ودەزگاکانی دەوڵەت و وەزارەتە ناوەندییەکان و ئەنجومەنی پارێزگا و خودی پارێزگار تەواوکار بن و خزمەتی هاوڵاتیان بکەن.
سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر دەستگرتن بە خاسیەتی خزمەتکردن بەو پێیەی ئەنجومەنی خزمەتگوزاریی وئاستوخ لە هاوڵاتیان نزیکە هەروەها دووپاتی کردەوە کە دەبێت پێژە ستراتیژییەکان بەپێی پێویستی ئاستەقینەیان بەپەلە ئەنجام بدرێت و تەواو بکرێت.
سەماحەتی داوای کرد ئەندامانی کوتلەی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی دابزنێ گۆڕەپان و گوێ لە داواکارییەکانی خەڵك بگرن و بەدی بهێنن، ڕوونیشی کردەوە کە سەقامگیری حکومەتە خەجێیەکان بەشێکە لە سەقامگیری سیاسی بەدی هێنراو لە ولاتەدا ئەوش پێویستی بەوەیە کە پارێزگاری لەو سەقامگیرییە بکرێت و پتەوتر بکرێت.